# ریبیری:

# بەبێ رکابەر میسی باشترین یاریزانی جیهانە




**ئەستێرەی فەرەنسی و یانەی بایەرن میونیخی ئەڵمانی فرانك ریبیری بووەتە وێردی سەر زمانی چەندین یانەی بەناوبانگی جیهانی و هەروەها باس لەوەش دەکرێ، کە ریبیری بەنیازە قەڵای بایەرن میونیخ بەجێبهڵێ، ئەم یاریزانە رۆژانە چەندین پرسیاری لەم شێوەیەی لێدەکرێ، ریبیری تەمەن ٢٧ساڵ لەم کات و ساتەدا دژایەتیەکی تەواو دەکرێ سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ یانەی باڤاری چەندین دەستکەوتی وەرگرتووە، لەوانە خولی یانەکانی ئەڵمانیا و جامی ئەڵمانیا و دووەمی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، سەرەڕای سەرقاڵی ئیش و کارەکانی ماڵپەری فیفا توانی ئەم دیمانەی لەگەڵ ساز بکات.**

*** بایەرن میونیخ شای خولی یانەکانی ئەڵمانیایە، کەچی لە خولی یانەکانی ئەوروپا چانسی وەکو پێویست نییە، تۆ چی دەڵێیت؟**

- ئەمە راستە بایەرن میونیخ گەورەترین یانەی ئەڵمانیایە و تیپێکی بەهێزی هەیە و ماوەیەکە کۆنترۆڵی خولی یانەکانی ئەڵمانیای کردووە، بەڵام لەسەر ئاستی ئەوروپا ئێستا بەرەو باشتر دەڕوات و هیچ کۆسپێکی لەبەردەمدا نییە.

*** کام لە گۆڵەکانی تۆمارت کردووە کاریگەری لەسەر ئەوانی دیکە هەیە؟**

- ئەو گۆڵەی، کە لە قۆناغی هەشتەمی وەرزی ٢٠٠٧ -٢٠٠٨، کە لە کاتی زیادکراودا کە دەکاتە خولەکی (١٢٠) لە یاری دێربی میونیخ دژی یانەی میونیخ ١٨٦٠ تۆمارمکرد و بەم گۆڵەش بووە هۆی بە دەستهێنانی نازناوی هەمان وەرز.

*** ئەو یانەیە کێیە کە تۆی گەیاندە ئەم ئاستە؟**

- خۆشحاڵ بووم لەگەڵ گشت ئەو یانەنەی یارییم بۆ کردوون و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ من زۆر باش بووە، ئێستا یانەی بایەرن میونیخ و پێشتریش هەردوو یانەی مارسیلیا و بریست.

*** بە رای تۆ کێ باشترین یاریزانە و حەز دەکەیت لەتەك چ یاریزانێك یاری بکەیت و خەون بە چ یانەیەك دەبینی یاری بۆ بکەی؟**

- بە رای من لیونێل میسی بەبێ رکابەر باشترین یاریزانی جیهانە و خۆشحاڵیشم لەتەك چاڤی یاری بکەم، چونکە یاریزانێکی نایابە و باش دەزانێ بۆشایی یاریزان پڕبکاتەوە و هەلی زێڕین بۆ برادەرەکانی برەخسێنێ و ئێستاش لە باشترین ئاستدایە، بەڵێ چەندین یانە هەیە هەموو یاریزانێك خەونی یاریکردنی پێوە دەبینێ، لەوانە هەردوو یانەی ریال مەدرید و بەرشلۆنەی ئیسپانی.

*** تۆ یاریزانێکی بەهرەمەندیت و لە زۆر شوێن و جێگە دەتوانی یاری بکەی، تۆ بە پلەیەك حەز دەکەی لە چ شوێنێك یاری بکەیت؟**

- حەز ناکەم لەیەك شوێن یاری بکەم و دەمەوێ لە یاریگا سەربەخۆ بم، بە تایبەتی لە هێڵی هێرشبردن زۆر یاری دەکەم و زۆریش لە یاریگا دەجوولێمەوە، ئەو شوێنەی زۆر حەزم لێیەتی یاری لێبکەم باڵی چەپەیە.

*** لە مۆندیال چ لە فەرەنسا چاوەڕوان دەکەی؟**

- لەم پاڵەوانێتیە گەورەیە ئاستێکی باش نیشان بدەین و گرنگیەکی زۆری بۆ فەرەنسا هەیە سەرەتا لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە قۆناغی کۆمەڵەکان ببڕین و دواتر بگەینە یاری کۆتایی.

*** کێ هەڵدەبژێری نازناوی مۆندیال بباتەوە و بۆچی؟**

- بە تەئکید ئاواتمان بە دەستهێنانی نازناوی مۆندیالی باشووری ئەفریقیایە، چونکە تیپێکی زۆر باش و نایابمان هەیە و توانای ئەوەمان هەیە ئەم ئاواتە بە دەست بهێنین، زۆر تیپی بەهێزی وەك ئێمە هەیە لەوانە ئینگلیز و ئیسپان.

*** هەست بە چی دەکەی کە بەشداری لە مۆندیال دەکەی؟**

- مۆندیال گرنگترین شتە بۆ یاریزان، چونکە باشترین هەڵبژاردە و باشترین یاریزانانی جیهانی تیایدا بەشدارن و پێوەندی بە گشت برادەرەکانم دەکەم و ماوەی مانگێك پێکەوە دەبین، مانای ئەوەیە کاتێکی خۆش دەبەینە سەر، مۆندیالی ٢٠٠٦ بە هەقیقەت زۆر خۆش بوو، توانیمان بگەینە یاری کۆتایی، بەڵام چانس یاوەرمان نەبوو بە لێدانی یەکلاکەرەوەی سزا دۆڕاندمان.

*** باشترین یاریزان لە مێژووی فەرەنسا کێیە و بۆچی؟**

- بێگومان زینەدین زیدان، یاریزانێکی بێوێنەیە و خاوەن کەسایەتیەکی بەرز و بەهێزە، زیدان متمانەیەکی تەواوی بە برادەرەکانی هەبوو بە بەردەوامی گفتوگۆی لەگەڵ دەکردن، زیدان ئەو کاتەی تۆپی دەگرت وەکو جادوکەر وابوو.

*** پسپۆران دەڵێن تۆ جێگرەوەی زینەدین زیدانی، رات چییە؟**

- نازانم کە جێگرەوەی ئەم یاریزانە بم، بەڵام کە خەڵك وا دەڵێن و واشی بۆ دەچن، هەست بە شانازییەکی بێوێنە دەکەم و خۆشحاڵ دەبم، زیزۆ یاریزانێکی مەزنە و کەسایەتیەکی مەزنیشی هەیە، تەنیا دەمەوێ شتی باش پێشکەش بکەم و ئینجا هەست بەخۆشی دەکەم لە یاریگا.

*** بە منداڵی بە ئاستی چ یاریزانێك سەرسام بوویت؟**

- لە منداڵی بە ئاستی یاریزان جان پییر پاپان سەرسام بووم، لەبەر ئەوەی دەیزانی چی دەکات بەرامبەر گۆڵی رکابەرەکەی و زۆرترین گۆڵیشی تۆمار دەکرد.

*** خۆشترین و ناخۆشترین ساتی وەرزشیت؟**

- شەش مانگی یەکەم لە وەرزی ئەمساڵدا ناخۆشترین ساتی وەرزشیم بوو، کە تووشی پێکانێکی قورس هاتم و خۆشترین ساتیشم ئەو کاتە بوو، کە لە مۆندیالی ٢٠٠٦ بە ئەنجامی (٣-١) گۆڵ لە هەڵبژاردەی ئیسپانیامان بردەوە و گۆڵێکم لەو یارییە تۆمار کرد، کە ئەو کات بەهێزترین هەڵبژاردە بوو.

*** ئایا هیچ هێڵێکی بەرگری هەبوو کە ببێتە ئاستەنگ بۆت؟**

- بەراستی ناتوانم بڵێم هیچ هێڵێکی بەرگری بەرامبەر من زەحمەت بووبێت، بۆیە لە وەڵامی پرسیارەکەت دەڵێم نەخێر.



# دریێسی هەڵبژاردە بەشداربووەکان لە مۆندیال

لە چەند رۆژی داهاتوو بە فەرمی لە وڵاتی باشووری ئەفریقیا بە بەشداریکردنی ٣٢ هەڵبژاردە یارییەکانی مۆندیال دەست پێ دەکات، بۆ ئەم مەبەستە بە پێویستمان زانی دریێسی هەڵبژاردە بەشداربووەکان لەم مۆندیالە بڵاو بکەینەوە بەم شێوەی خوارەوە.



# تۆپەکانی مۆندیال لەساڵی ١٩٣٠ تا ٢٠١٠

کاتێك جامی جیهانی لە ساڵی ١٩٣٠ بۆ یەکەم جار دەستی پێکرد، هەر لەم پاڵەوانێتیە تا ئێستا تۆپی تایبەت بە خۆی هەبێت، واتە هەر پاڵەوانێتیەك تۆپێکی تایبەتی خۆی هەیە کە گوزارشت لەم پاڵەوانێتیە دەکات، ئەمەش تۆپەکانی گشت پاڵەوانێتیەکانی مۆندیالە.




# کوردستان پاڵەوانێتی ڤیڤا-ی ٢٠١٢ لە باوەش دەگرێت



دوای هەوڵ و تەقەڵلایەکی زۆر لەلایەن یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان بۆ میوانداریکردنی جامی جیهانی بۆ هەرێمە بێ وڵاتەکان ڤیڤا، سەرۆکی ڤیڤا کریستیان میشێل-ی فەرەنسی بڕیاریدا، کە پاڵەوانێتی ساڵی ٢٠١٢ لە کوردستان ئەنجام بدرێت، ئەمەش دەستکەوتێکی بێ وێنەیە بۆ کوردستان، کە ماوەیەکی زۆرە چاوەڕوانی ئەم جۆرە پاڵەوانێتیە دەکەن، دوای ئەم کۆبوونەوەیە سەفین کانەبی سەرۆکی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێ بەناوی حکوومەت و پەرلەمان و گەلی کوردستان سوپاس و پێزانینی پێشکەش بە سەرۆك و ئەندامانی ڤیڤا کرد بۆ ئەو متمانەی بە کوردستانیان بەخشی، هەروەها دڵنیای کردنەوە کە پاڵەوانێتیەکی خۆش دەبێت لە هەموو لایەکەوە و بەڵێنیشی پێدان کە هەر لە ئێستاوە ئامادەباشی بۆ بکرێت بۆ سەرکەوتنی ئەم کەرنەڤاڵە مەزنە کە خەونی وەرزشوانانی کوردستانە.



# ئەرجومان تەحسین محەمەد:
# لە ژیانمدا هیچ كارتێكی سوورم وەرنەگرتووە

لە كوردستان زۆر كەس هەن كە بە بنەماڵە وەرزشوانن و توانیوویانە لەم بوارە خزمەتێكی تەواوی وەرزشی كوردستان بكەن و مێژووییەك بۆ خۆیان تۆمار بكەن، بنەماڵەی ئال تەحسین نموونەی بەرزی یەكێكە لەو بنەماڵانەی كە بە درێژایی ژیانیان خزمەتی وەرزشیان كردووە و كەسایەتییەكی ناوداری شاری قەڵا و منارەن، ئەم بنەماڵەیە چەندین وەرزشوانی هەبووە، لەوانە خوالێخۆشبوو لیوا دلشاد و مامۆستا شێردڵ ئەندامی پەرلەمانی كوردستان و مامۆستا ماجید و مامۆستا ئەرجومان و كاك عیماد، لەم روانگەوە بە باشمانزانی مامۆستا ئەرجومان تەحسین كە ئێستا بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتی شارەوانییە بكەینە میوانی ئەمجارەی فایلی وەرزشی و ئەم دیمانەی لەگەڵدا سازبكەین.

***چۆن دەڕوانیتە وەرزشی دوێنێ و ئەمڕۆ؟**

- راستە ئێستا ئاستی وەرزش پێشكەوتووە، بەڵام پێشتر وەرزش بۆ خۆشی و دۆستایەتی بووە نەوەك بۆ پارە، ئێستا وەرزش وەكو شتێكی ماددی لێهاتووە.

*** لە كاتی لاویت چەند جۆرە یاریت ئەنجامداوە؟**

- یارییەكانی تۆپی پێ و باسكە و تۆپی دەستم كردووە.

*** لە كام یاری زۆر سەركەوتوو بوویت؟**

- لە تۆپی پێ زۆر سەركەوتوو بووم لە چاو یارییەكانی تر.

***یادەوەرییەك كە هەرگیز لەبیری ناكەیت لە ژیانی وەرزشیت؟**

- هەرگیز ئەو یادەوەرییە لە بیر ناكەم كە لە یەكەم یاریم لەگەڵ هەڵبژاردەی هەولێر گۆڵێكم لە هەڵبژاردەی كەركوك تۆماركرد.

*** لە چی زۆر نیگەران دەبیت؟**

- بێگومان ئێستا لەوە نیگەران دەبم كە یانەی هەولێر ئەنجامی باش ناهێنێت.

*** پێش ئەوەی هاوسەرگیری پێكبهێنی لە دەرگای خۆشەویستیت نەدابوو؟**

- نەخێر، هەرگیز ئەو شتە لەمن رووی نەداوە.

*** جوانترین رەنگ لای تۆ چ رەنگێكە؟**

- رەنگی شین و سپی جوانترین دوو رەنگن لای من.

*** بە نرخترین وشە لای تۆ چ وشەیەكە؟**

- خزمەتكردنی خەڵكە.

*** ئێستا لەگەڵ وەرزش دۆستایەتیت ماوە؟**

- بەڵێ، بەردەوام لە تیڤیەكان چاودێری یارییەكان دەكەم.

*** ئێوە لە بنەماڵەیەكی وەرزشین، كامتان زیاتر سەركەوتوو بوون لە خێزانەكەتان؟**

- شێردڵ تەحسین-ی برام لە هەمووومان سەركەوتووتر بوو.

*** لە كاتی یاریكردنت خۆت بە قەرزاری كێ دەزانی؟**

- هاندەران بە پلە یەك و محەمەد عوسمان و محەمەد خەلیل-ی رەحمەتی ناسراو بە مەمۆ.

*** كاتی خۆی بە چ یاریزانێك زۆر سەرسام بوویت؟**

- مارادۆنا ئەفسانەی تۆپی پێی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین.

*** ئەی ئێستا كێ زۆر سەرسامت دەكات لە یاریزانەكان؟**

- بێگومان شوێن گەرەوی مارادۆنا ئەویش میسی یاریزانی بەرشلۆنە.

*** نزیكترین هاوڕێی وەرزشیت كێ بوو؟**

- دكتۆر شاخەوان مەجید-ی رەحمەتی زۆر تایبەت بوو لای من، ئەوانی تریش دۆستم بوون، بەڵام ئەو تایبەت بوو لە تیپە میللیەكانیش نەوزاد جەمال و خولێخۆشبوو باران جەودەت و ئەحمەد ناجی و نیاز عەدنان زۆر لەمن نزیك بوون.

*** لە ژیانی وەرزشیت چەند كارتی سورت وەرگرتووە؟**

- لە ژیانمدا هیچ كارتێكی سورم وەرنەگرتووە.

*** جوانترین گۆڵت كە تۆماركردبێت كام گۆڵ بووە؟**

- ئەو گۆڵەی لە هەڵبژاردەی كەركوكم تۆماركرد.

*** ئەو یارییەی هەردەم لە یادتە؟**

- زۆرن یارییەكان، بەڵام یاری بەرانبەر هەڵبژاردەی كەركوك یارییەكی گرنگ بوو لە ژیانی من.

*** كام هەڵبژاردەی جیهانیت خۆش دەوێت؟**

- هەڵبژاردەی ئەرژەنتین لەساڵی ١٩٧٨وە هاندەری ئەم هەڵبژاردەیەم.

*** بە بۆچوونی تۆ كێ دەبێتە پاڵەوانی مۆندیاڵی ئەمساڵ؟**

- ناتوانم تیپێك دیاری بكەم، چونكە ئاستیان لێك نزیكە، بەڵام بە بۆچوونی من هەریەك لە هەڵبژاردەكانی بەرازیل و ئینگڵتەراو ئیسپانیا و ئەرژەنتین.







*** هێنانـــی یاریزانی عەرەب لە بەرژەوەندی وەرزشدایە، کە ئێستا یانەی هەولێر ژمارەیەك یاریزانی هەیە؟**

- لە بەرژەوەندی یانەی هەولێر نییە، چونکە ناتوانین بناغەیەکی باشی وەرزشی بۆ تۆپی پێ دروســـت بکەین، راستە ئێستا ئەنجامی باشـــە، بەڵام بۆ داهاتوو باش نییە، باشـــترە یاریزانانی لاو پـــێ رابگەینین و ئەو پارەی لە یاریزانەکانی تر خەرج دەکرێت، لە یاریزانە لاوەکان خەرج بکرێت باشترە.

*** بۆچی ئێســـتا ناتبینین وەرزش بکەی لە یاریگاکان؟**

- زۆر حەزم لە وەرزش کردنە، بەڵام دەوامی مـــن لە وەزارەت لە کاتژمێـــر ٨,٣٠ بەیانی دەست پێدەکات تاکو ٩ی شەو هیچ کاتم نییە تاکو وەرزش ئەنجام بدەم.

*** لە وەرزشـــوانە دێرینەکان هیچ سودێکت بینیوە؟**

- نەخێر، تاکو ئێســـتا هیچ ســـودێکم لێان نەبینیوە.

*** حـــەز ناکەی ئەو مووچەی وەرزشـــەوانە دێرینەکان بگەڕێتەوە؟**

-بەڵێ، حـــەز دەکەم و هەرچەندە رەنگە بڵێن تۆ بەڕێوەبەری گشتی بۆ چیتە ئەو پارەیە، بەڵام خۆشـــە ئەوەندە ســـاڵە خزمەتم کردووە بەرهەمەکی هەبێت.

*** ئەگـــەر هەڵبـــژاردەی ئەرژەنتین جامی جیهانی بردەوە چی دەکەی؟**

- هەموو کەس لـــە دنیا هیوایەتێکی هەیە، تەمەنناى منیش ئەوەیـــە کەوا هەڵبژاردەی ئەرژەنتین جامەکە بەرز بکاتەوە.

*** چیت لە وەرزش قازنج کردووە؟**

- زۆرشـــتم قازانج کـــردووە و بناغەی ژیانم وەرزش بووە، دۆســـتایەتیم قازانـــج کردووە ناوبانگـــی و وەرزشـــوانیش لای خەڵـــك خۆشەویستە، لە وەرزش فێری ژیان بوومە.

*** کاتی خـــۆی چ یاریزانێك زۆر رکابەری دەکردی؟**

-کـــەس نەبـــوو رکابەریم بـــکات، چونکە کەســـێکی ئەوەندە بە کێشە نەبووم و هەردەم کەســـێکی ســـادە بووم، بۆیە کەس کێشەی لەگەڵم نەبووە.

*** ئێســـتا دێیتە دیـــار یارییەکانی یانەی هەولێر؟**

- بەپێی پێویست کاتم هەبێت دێمە یاریگا و یارییە گرنگەکان سەیر دەکەم.

*** هاندەری چ یانەیەکی لە کوردستان؟**

-هەمـــوو یانەکان بۆ مـــن وەکو یەکە، بەڵام یانەی هەولێرم خۆشدەوێ و یانەی ئاسۆ-م خۆشدەوێ، چونکە یانەیەکی برایانەیە هەموو وەکو برا یاری دەکەن.

*** لە تیپە میللییەکانیش یاریت کردووە؟**

- پێشـــتر لە تیپـــە میللییەکانـــی زانیاری یاریم کردووە و لـــە هەڵبژاردەی زانکۆ یاریم کـــردووە و جوانترین گۆڵیشـــم تۆمارکردووە لـــە گۆلچی بەناوبانگی ئەو کاتە ســـوهێل ســـابر، کە گۆڵچی هەڵبژاردەی عێراق بووە و توانیمان پلەی ســـێیەم بە دەســـت بهێنین، لەسەر ئاســـتی زانکۆکانی عێراق، لەگەڵ یانەی هەولێریـــش چەندین یاریم ئەنجامداوە بە تایبەتی لە وڵاتی ئوردەن دژی تیپەکانی حوسێن و وەحدات

لە دایکبووی ســـاڵی ١٩٦١ی شاری هەولێرە، قوتابخانەی ئیبن خولەکانی سەرەتایی تەواو کردووە، دواتر ناوەندی لە قەندیل و ئامادەیشی لە ئازادی تەواو کـــرووە، لە وەرزش لە تیپە میللییەکان وەکو قـــەڵا و زانیاری یاریی کردووە، لە یانەی هەولێر لە ساڵی ١٩٨٤ تاکو ١٩٨٨یاریی کردووە، ئێستا بەڕێوەبەری گشتی دیوانە لە وەزارەتی شارەوانی، دەرچـــووی کۆلێـــژی کارگێـــڕی و ئابووری بەشی ژمێرياریيە.

بەرپرسی فایلی وەرزش: ئەحمەد عەزیز
بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504514021 Email: sport@gulan-media.com